## تەنیا بە پەنجە مۆبایلەکانتان شەحن بکەنەوە

مۆبایـــل بۆتـــە یەکێك لـــە ئامێرە پێویســـتییەکانی ژیـــان و بەبـــێ ئەو ئامێـــرە زۆر لەئەرکەکانمان راناپەڕن. ئـــەو ئامێرە هەم بە قـــەوارە بچووکەو هەم جگـــە لەپەیوەندی کـــردن چەند خزمەتگـــوزاری دیکـــە لەخۆیـــدا هەڵدەگرێ، تەنیا گرفتێکی بچووك کە لەو ئامێرەدا هەبێ، شـــەحن کردنەوەی باترییەکەیەتی. هەرچەندە تاکو ئێستا زۆر رێگای جیاواز جگە لە رێگای وزە وەرگرتن لە کارەبا دانراون. ئەمجارەیان زانایانی بواری بەرهەمهێنانی مۆبایل ئامێرێکی شەحنکەرەوەیان داهێناوە کە بەدانانی باتـــری مۆبایل لە ئامێرەکە و بە ســـووڕاندنی بە پەنجە باترییەکە شەحن دەبێتەوە.



## شەحنکەرەوەی وایەرلەیس

هەر تەنیا مۆبایل نییە کە پێویستی بە شـــەحن کردنەوەی نەبێـــت، بگرە چەنـــد ئامێرێکـــی دیکە هـــەن وەك Ipod MP٥،MP٤... هتـــد. تەنیا گرفتی ســـەرەکی ئەو ئامێرانە ئەوەیە کە ئەو ئامێری کە پێی شەحن دەکرێتەوە لە هەموو شـــوێنێك نییە، هـــی ئامێرەکانی دیکـــە بۆ یەك نابن. بە مەبەستی چارەکردنی ئەم کێشەیە، ئامێری Powermart هاتۆتە بەرهەم.

ئـــەو ئامێرە نوێیـــە بەبێ دانانی کێبڵی شەحنکەرەوەی مۆبایل یـــان هەر ئامێرێکی دیکـــە تەنیـــا بـــە دانانی ئامێرەکان لەسەر ئەو شەحن کەرەوەیـــە، باترییەکانیان شەحن دەبنەوە.







## ئەو ژمارەی داوای دەکەی بەردەست نییە!!



زۆر جاران حەز دەکەی ماوەیەك هیچ پەیوەندییەکی تەلەفۆنی وەرنەگری، جـــا بەهەر هۆیەك بێ. گەر مۆبایلەکـــەت بکوژێنیەوە، ئەوە ئەوەی پەیوەندیت لەگـــەڵ دەکات رەنگە بەباشـــی نەبینێ، گەر وەڵامیشی نەدەیەوە ئەوەشـــیان باش نییە. بەڵام گەر تۆڕی مۆبایلەکە وەڵامداتەوە کە ئەو ژمارەیـــەی داوای دەکەی بەردەســـت نییە، یان لـــەدەرەوەی بازنەیە، ئەوکاتە گلەیی لەسەر تۆ نامێنێ.. ئێـــوە دەتوانن بە داخیل کردنی کۆدی *٢١*#٠٩٤ کارێك بکەن کە هەر کەســـێك پەیوەندیتان پێوە بکات لەگـــەڵ وەڵامێکی وا بەرەو رووبێ. بە داخیل کردنـــی کۆدی #٢١# ئەو کـــردارە لادەچێت. بـــەڵام گەر ئەو کۆدەش دابنێی دەتوانی SMS بنێری و SMSیش وەربگری.




# پرۆگرامی BSplayer pro بناسن

یەکێــك لەو گرفتانەی کــە زۆر جار دێتە پێــش ئەوەیە کە ئەو سیســـتەمانە لە فیلمێك یان فایلێکی دەنگی سوود وەربگرن کەچی پرۆگرامەکانــی ناو کۆمپیوتەر ئەو فایلــە ناخوێنێتەوە بە واتایەکی دیکە نایناسن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆگرامەکانی بڵاوکردنەوەی فیلم و دەنگ لە کۆمپیوتەردا کۆدی هەموو فایلێکیان تێدا نییە. بەڵام بەدانانی پرۆگرامی BSPlayer ئەو گرفتەتان نامێنێ، دەکرێ بڵێین باشــترین پرۆگرامە لەو بوارەدا. هەتاکو ئێستا زیاتــر لە ٧٠ ملیۆن کەس ســوود لەو پرۆگرامــە وەردەگرێ. ئەو پرۆگرامە بە زیاتر لە ٩٠ زمان وەرگێڕدراوە.

یەکێك لە توانا بەرجەســتەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە دەتوانی لە ســایتی یۆتیوب فایل داونلۆد بکەی. هەروەها دەتوانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ژێرنووسی فیلم بکەی. ئەو پرۆگرامە هەموو جۆرە فۆرماتەکانی دەنگی و ڕەنگی دەخوێنێتەوە.

# بردنە سەری خێرایی ئینتەرنێت بە پرۆگرامی Flash Speed200%

گرفتــی کەمبوونی خێرایــی ئینتەرنێــت بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە سیستەمی تەلەفۆن سوود وەردەگرن، هەروەها بۆ ئەوانەی سیستەمی Dial-upیان هەیە، ئەوەیە کە ناتوانن بە خێرایی فایلەکانیان لە ئینتەرنێت دابەزێنن، یان فایل وەربگرن. کۆمەڵێك پرۆگرام هەن کە ئەرکی خێراکردنی ئینتەرنێتیان هەیە، پرۆگرامی Flash Speed200% یەکێكلەوپرۆگرامانەیە کە بەڕاســتی هێڵی ئینتەرنێــت خێــرا دەکات. پرۆگرامــی ناوبــراو بۆ زۆربەی سیســتەمەکانی وەرگــری ئینتەرنێت ســوودی هەیــە. دەتوانی تاکو ئاستی 200% خێرایــی ئینتەرنێــت بەرێتە سەرێ.




# مۆبایلێک شاشەی خەیاڵی لەگەڵ دایە




دەزگای بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتاڵی کۆریایی (Keti) ئامێرێکی مۆبایلی بەرهەمهێناوە کە بە Eye glass ناســراوە، ئەو مۆبایلە دەتوانێ وێنەکان لەســەر پانتایی دیوارو پەردە و هەر شــتێك نیشانبدات. دەبێ بگوترێ بەهۆی پرۆژکتۆرێکی پێشــکەوتوو کە لە مۆبایلەکەدا هەیە ئەو ئەرکە جێەجێ دەبێ. جگە لەوەش جیاوازی ئەو پرۆژکتۆرە لەگەڵ پرۆژکتۆری دیکە ئەوەیە کە وێنەکان سێ ڕەهەندی نیشاندەدات. شایانی ئاماژە پێدانە کە ئامێری ریمۆت کۆنترۆڵیشی لەگەڵدایە.

# ئینتەرنێتی جادوویی لە هەموو شوێنێک



ئاڵوگۆڕی زانیاری یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤی ئەوســەردەمەیە. بەبێ ئینتەرنێت دەکرێ بڵێین جیهانی ڕاگواستنی زانیاری تووشــی گرفتی گەورە دەبێ. بۆ ئەوەی کە هەموو کەس بتوانێ بە ئاسانی ســوود لە ئینتەرنێت وەربگرێ، چەند ئامێرێکی گرنــگ داهێنراون کە گرنگترینان کۆمپیوتەرە و لەو دواییانەشــدا مۆبایلیش تاڕادەیەکی بەرچاو ئەو ڕۆڵە دەبینێ. بەڵام پســپۆڕانی شارەزای IT لەکۆمپانیای Light blue optics پرۆژکتۆرێکی نوێیان داهێناوە کە بە ڕەنگدانەوەی وێنە لەســەر هەر شــتێك دەبێتە شاشەیەکی لەمسی.

واتە هەر وێنەیەك بکەوێتە ســەر دیوار، یان هەر شتێکی دیکە، دەکرێ وەك شاشەیەکی ئینتەرنێت سوودی لێ ببینی و بە پەنجەکانت لەسەر شاشە دیوارییەکە بچیە ناو سایتەکانی ئینتەرنێت.